بەڕێز سەفارەتی ئەمریکا لە وڵاتی نەرویج!

بابەت: پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کورد لە وڵاتی ئێراندا.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک- کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی بەرگریکردنە لە مافی مرۆڤ لە کوردستان و جیهاندا. گوێگرتن لە پرۆفیسۆر Gary Weaver لەو موحاضەرەیەی کە دای لەسەر چۆنیەتی گونجاندو پێکەوە هەڵکردنی کولتورە جیاوازەکان، گونجاندن و پێکەوە هەڵکردنی ڕەگەزە جیاوازەکانمان بە هەند وەرگرت و بە کارێکی پۆزەتیڤانەمان خوێندەوە تا ڕێکخراوەکەمان وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی و مرۆڤدۆست و یەکسانی خواز لە نێوان کولتورەکان و ڕەگەزەکاندا بتوانێت زیاتر خۆی دەوڵەماند بکات بە چەکی یەکسانی خوازی و خۆ ئامادەکردن بۆ دروستکردنی ئارامی و یەکسانی لە نێوان کولتور و ڕەگەزە جیاوازەکاندا. هیوا دارین لەم جۆرە موحاضەرەو کۆرسانە زیاتر سازبکریت بۆمان.

وێڕای سوپاس بۆ بانگهێشتکرنمان بۆ ئەم سیمینارە بە نرخە، بە گرنگی دەزانین سەرنجی ئێوەی بەڕێز و کۆمەڵەگەی نێودەوڵەتی ڕابکێشین بۆ ئەو پێشێلکاریانەی ڕژێمی ئێران دەیکات بەرامبەر بە مافی گەلانی ژێردەستەی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد، و هیوادارین بەڕێزتان لە پێگەی خۆتانەوە بەرپرسیارەتی مرۆڤایەتی خۆتان بگرنە ئەستۆ و تیشک بخەنە سەر ئەو پێشێلکاریانەی ڕژێمی ئێران، و هەوڵی فشارێکی نێودەوڵەتی بدەن بۆ ڕێگرتن لە بەردەوامبوونی ڕەشەکوژی و لەسێدارەدان و ئەشکەنجە و زەوتکردنی ئازادی و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئەو ڕژێمە بەرامبەر بە گەلی کورد و سەرجەم پێکهاتەکانی ئێران.

لێرەوە ئاماژە بە چەند کەسێک دەکەین کە لەم ماوەی ڕابوردودا لەسەر چالاکیان لە بواری مافی مرۆڤ و ئازادی بیر و ڕا دەستیگر کراون، کە ژمارەیەکی زیاتریش بێسەروشوێن کراون، یان بە سیناریۆیەکی دروستکراو دادگایی دەکرێن و سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا دەدرێت.

ئەمانەی خوارەوە نمونەیەکی بچوکی قوربانیانی سیاسەتی ڕژێمی ئێرانن:

1/ ئەنوەر حسین پەناهی.
2/ ئەرسەلان ئەولیایی.
3/ فەرزاد کەمانگەر.
4/ فەرهاد وەکیلی.
5/ عەلی حەیدەری.
6/ عەدنان حەسن پور.
7/ هیوا بوتیمار.
8/ حەبیب لەتیفی.

چارەنوسی ئەم ناوانەی خوارەوە دیار نیە و تا ئێستا چاوەڕوانی دادگایی دەکن:

1/ سامان ڕەسوڵ پور.

2/ محەمەد سدیق کەبودوەند.
3/ هانا عابدی.
4/ ڕوناک سەفەرزادە.
5/ کەمال شەریفی.
6/ زەینەب بایەزیدی.

هەتا ئێستا بە دەیان کەسی تر چارەنوسیان دیارنیە و بێسەروشوێن کراون.

ئەگەر بەڕێزتان بفەرموون بە وەڵامێک بۆ ئێمە و داوا بکەن، ئێمە بردەوام کۆنتاکتمان دەبێت و ئامادەین زانیاریە ڕاستەکانتان بخەیەنە بەردەست.

سوپاسی بێپانامان قبوڵ بکەن.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک.

chak.org@gmail.com

www.chak.info